# تیرۆر فەلسەفەی وێرانکردن و سڕینەوەی ئەوانی دی

**سلێمان عەبدوڵڵا یونس**





تیرۆر خاوەنی ناسنامەیەکی عەرەبی ئیسلامییە، لە دوای ئەوەی عەرەب فەرمانڕەوایەتی خۆی بە سەر ئیمپراتۆریەتی پانو ئیسلامی لە دەست دەرهات لە ڕێگەی عەشیرەتێکی تورکی بچووکەوە کە پێشتر لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو ئەنادۆڵ کشابوونو بە عوسمانییەکان ناسرابوون، عوسمانییەکان کە بە زوویی توانیان لە ڕێگەی پەلاماردانو بەکارهێنانی هێزەوە واقیعی خۆیان لە خێڵێکی بچووکەوە بگۆڕن بۆ قەوارەیەکی خاوەن نفوزو ببنە خاوەن قەڵەمڕەویەکی بەرینتر لەوەی کە خۆشیان چاوەڕێیان دەکردو سەرەنجامیش توانیان جڵەوی ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامیی وەربگرن کە دەمێك بوو مایەی مشتومڕو ململانێو ناکۆکیو جەنگو پێکهەڵپژان بوو لە نێوان عەرەبو ڕۆمو عەجەمدا.

عەرەبەکان هەر لە ساتە وەختە بەراییەکانی ئەم دۆڕاندنە مێژوویەدا هەستیان بە مەترسی ئەم ئاڵوگۆڕە گەورەو چارەنووسسازەی دەسەڵات کردوو نەیانتوانی ئەم ئاڵوگۆڕە گەورەیە کە بە قازانجی ناوبانگی نەتەوەیی ئەوان نەبوو هەتا سەر قبوڵ بکەن هەر بۆیە بە زوویی بەرهەڵستکاری خۆیان بە دوو ڕێگا بە دوو شێوازی بیرکردنەوەی تەواو لە یەکتری جیاواز ڕاگەیاند، کە یەکیان بریتی بوو لە بزووتنەوەی کۆنخوازەکان کە لەم نووسینەدا زیاتر تیشکی دەخەمە سەرو زیاتر مەبەستی منە لەم نووسینەدا، شێوازی دووهەمی بەرهەڵستکار عەرەبەکان بزووتنەوەیەکی عەرەبی نەتەوەیی بوو کە خۆی بە نوێخواز لە قەڵەم دەدا ئەگەر چی بە درێژایی مێژووی خۆی هەتا ئەمڕۆش ئەم بزووتنەوەیە نەیتوانیوە خۆی لە جەوهەری بیرکردنەوەی کۆنخوازەکان بە تەواوەتی جیا بکاتەوەو دابڕانێکی پۆزەتیڤانە دروست بکات.

کۆنخوازەکان دژایەتی خۆیان بۆ ئەم ئاڵوگۆڕەی دەسەڵات نەشاردەوە، بە زوویی کەوتنە خۆ بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە تازەیەی عوسمانییەکان خولقاندبوویان بگۆڕنو جارێکی تر ئیمپراتریەتی ئیسلامیی بە ناسنامە عەربییەکەیەوە بگەڕێننەوە، بە درێژایی تەمەنی چوارسەد ساڵەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەم بزووتنەوە کۆنخوازەکان کە تەنها ناکۆکیو جیاوازی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەر ناسنامە عەرەبییەکەی بووە بە چەندان یاخیبوونو هەڵگەڕانەوەو ڕووبەڕووبوونەوەی خوێناوی خولقاندووەو بەردەوامیش هەوڵی داوە ئەو بزووتنەوەیە بە دیسکۆرسی جیهادی خۆی پتەو بکاو ڕەوایەتی خۆشی بکاتە ئەرکێکی ئیسلامییو ئیلاهیی ڕەهاو تا دواجار لە سەر دەستی ڕێبەرە توندرەوەکان ئیخوان موسلمینی وەکوو حەسەن بەناو سەید قوتب بەشێوەیەکی توندو تیژو بە فەلسەفەیەکی تیرۆریستیو خۆی وەکو تیرۆر ناساندو ئەمڕۆش لە سەر دەستی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ئەو تیرۆرە خۆی وەکو بزووتنەوەی جیهانی کە بە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ناسراوە دەرخستووە.

ئەوەی کە وەکو جیاوازی ڕیشەییو قوڵ لە ناو ئەو بزووتنەوەیەدا هەستی پێ دەکرێت ئەو گۆڕانەیە کە بە سەر داخوازییەکانی ئەوبزووتنەوە کۆنخوازییەدا هاتووە، چونکە ئەگەر جاران ئەوبزووتنەوەیە لە ساتە وەختە بەراییەکانی سەرهەڵدانییەوە خەونی بە گەڕاندنەوەی ناسنامە عەرەبییەکەی ئیسلامییەوە بینیبێو ئامانجی فەرمانڕەوایەتی خودی عەرەب بووبێت بە سەر شارستانێتی ئیسلامدا، ئەوا ئەو بزووتنەوە تیرۆریستەی ئەمڕۆ ڕێکخراوی ئەلقاعیدە سەرۆکایەتی دەکات ئەم ئامانجو داخوازیانەی نییەو سنووری هەڵسوڕانو کارە تیرۆریستییەکانیشی بە تەنها لە قەڵەمڕەو شارستانێتی ئیسلامیدا دەرناکەوێ بەڵکو بەشێوەیەکی دڕندانە جەنگی لەگەڵ شارستانیەتەکانی دیکەشدا بەرپا کردووە ئەمە جگە لە پەلاماردانی دڕندانەی بەشێك لە شارستانێتی ئیسلامیی لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بوونی هەموو ئەوانەی لە ناو ئەم شارستانێتەشدا لە دەرەوەی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە خۆیان ئەژمار دەکەن، کەواتە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ ترسناکی ئەم بزووتنەوە تیرۆریستییە نێودەوڵەتییە بکەین بەوەی کە نە باوەڕی بە دیالۆگ یان دانوسان هەیە، چونکە جەنگەکەی بۆ ئەوە نییە شتێك بداتو بۆ ئەوەی شتێکی دیکە بسێنێ، هەر بۆیە دەکرێ بگوترێ ئەو بزووتنەوە تیرۆریستییە هەرگیز نە دەکرێت پێی بگوترێت بەرهەڵستکارو نە لە خانەی بەرگریکاریشدایە، بەرهەڵستکاری نییە چونکە نەبڕوای بە دانوستان هەیەو نە مەرجو داخوازی دیاریکراویشی هەیە تا بەرامبەرەکەی بۆی بسەلمێنێ، بەرگریکاریش نییە چونکە سنوورو شوێنی هەڵسوڕانی ناوچەیەکی دیاریکراو نییە.

تیرۆر بزووتنەوەیەکە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی نموونەی نەبووە، ڕاستە مرۆڤایەتی بەربەریەتو نازیزمو فاشیەتی بەرهەم هێناوە، بەڵام تیرۆر لە سەر دەستی ئیخوانەکانی میسرو بەعسییەکانی عێراقو ڕێبەرەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە توانی ئەو دیوی بەربەرییەتو نازیزمو فاشییەت بخولقێنێ کە بەڕاستی پێشێلی هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان بکات بە ئەندازەیەك ئاشی جیهانی بخاتە مەترسییەوەو پەنایەك بۆ ئارامیو ئاسوودەیی نەهێڵێتەوەو تەڕو وشك بەیەکەوە بسوتێنێ.

لە کوردستاندا تیرۆر هەر بە ناسنامە عەرەبیو بەعسییەکەی هەبوو هەتا ڕاپەڕین، بە داخەوە ئەگەر چی ڕاپەڕین بۆ ئێمە دەروازەی ئازادی نەتەوەییمان بوو لەگەڵ خۆیدا دەرگای چەندان دیاردەی جوانو نیشتمانی هێنا بەڵام بە داخەوە هەر ئەو ڕاپەڕینەش بوو دەرفەتی بەتیرۆردا کە کە بە جامانەو شەڕواڵی کوردییەوە بێتە نێوماڵەکانمانەوە وەکو ئیسلامیی سیاسی بۆیە کەمین جار بە شێوەی هێز خۆی بناسێنێو هەڕەشەی جدیش بێت لە سەر چارەنووسی کورد لەو ماڵەی بە خوێنو فرمێسكو ئارەقەو شەونخونی میللەتێك تازە بە تازە بنیاتمان نابوو، بە داخەوە شەڕی کورد کوژە لە کوردستان زیاتر چانسی گەشەکردنو ژیانی تیرۆری ڕەخساندو زیاتر دەرگای ئەو ماڵەی بۆ خستە سەر پشت، ئێستاش لە کوردستان دیاردە دوو ئیدارەیی زەمینە باشتر بۆ گەشەکردنی تیرۆر دەڕەخسێنێ، تیرۆر لە نێو ماڵەکانماندا جگە لە وەی هەڕەشە لە هەموو بەها بیشتمانیو نەتەوەییو کۆمەڵایەتیو مۆراڵیەکانیشمان دەکات وەکو لە دانپیانانەکانی گروپە تیرۆریستیەکەی شێخ زانا بۆ هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە ڕوون بووەوە، ئامانجی کوشتنی نەتەوەیەك وێرانکردنی نیشتیمانە لە کوردستاندا، کەس ناتوانێ بڵێ خیانەتی نیشتمانی نییە، مەترسی تیرۆر لە کوردستان مەترسییەکی یەکجار ترسناکە، بە ئاسانی لە دەستی دێت گوتاری سیاسیمان بنکۆڵ بکات، بۆ ئەوەی لە کوردستان تیرۆر ڕیشەکێش بکەین پێویستیمان بە دیسکۆرسێکی مۆدێرنو عەقڵانیو نەتەوەیی هەیە.

# لە چاوەڕوانی موعجیزەدا

**د. ڕەشید قەرەداغی** — **و. لە ئینگلیزییەوە: یاخی باڵەك**

لە مێژووی ئەو دوو ساڵەی دوای ئازادی عێراقو ڕووخانی ڕژێمی سەدامو سەدان لە ڕەنجو ئازار چەشتن لە بن دەستی عەرەب هەر وا تورك (فارسیش)، بە هەر شێوەیەك بێت ئێمە زۆر هەڵەین گەر وا دابنێین ئێمە گۆڕانگاری لە بیرکردنەوەی عەرەبیدا بکەین بەرامبەر بە کورد وایلێبکەین کە وەك نەتەوەیەکی جیا لە عەرەب خاوەن مافی خۆمان سەیرمان بکەنو دەوڵەتێکی کوردیمان پێ ڕەوا ببینن، ئەزموون ئەوە ڕووندەکاتەوە، یاخود وا دابنێین کە عێراقی عەرەبی لە دوایدا دان بە مافەکانماندا دەنێن، ئەو شتانە جگە لە خۆزگەو خەیاڵ هیچ شتێکی تر نین مەگەر بڕوامان بە موعجیزەی گۆڕانکاری هەبێت.

ئەوە بە ڕوونیو ئاشکرایی دیارە لەو بانگەوازانەی کە چ بە ئاشکرایی چ بە شاراوەیی لە لایەن بەرپرسانی عێراق "بنیاتنەرانی بە ناو عێراقی نوێ" دەردەچن هەر لە ساتە وەختی ئازادییەوە دەردەکەوێت کە عێراقی عەرەبی بنەماکانی یەکسانی نێوان کوردو عەرەب قبوڵ ناکاتو هەردەم نەویستراوە، هەر کاتێکیش کەوتەوە سەر پێ دەگەڕێنەوە سەر ڕێی بابو باپیرانیانو هەمان شت دەکەن کە سەددام کردوویەتی ئەگەر بۆیان بلوێ.

مافەکانی کورد بەوە دیاری دەکرێ کە لە نیشتمانی خۆیا بژی دوور لە چەوساندنەوەو ئازاردان لە لایەن "برا عەرەبەکانییەوە"، گۆڕینی بیرکردنەوەی خەڵکانێك کە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیان ڕەگی قوڵی مێژوویی هەیە لە چەوساندنەوەو ئازاردان، خەڵکانێك بە هەموو جۆرە ڕقو کینەیان کە لە سەر خەڵکی تر، خەڵکانێك کە بۆچوونی غەزوو خۆ بە گەورە زانینیان هەیە کە تا ئێستاش "دۆڕاندنی" ئیسپانیایان پێ گرانو قبوڵنەکراوە، ئەوا مێژوویەکی تاریك لە پشت ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە هەیە کە بیرکردنەوەیەکی نەگۆڕەو ئێمە ناتوانین شتێکی ئەوتۆی لەگەڵدا بکەین، بەڵام خۆ ئێمە ئەگەر نەتوانین بیروڕای خەڵکانی تر بگۆڕین خۆ دەتوانین هی خۆمان بگۆڕین یان بەلای کەمی هەوڵی ئەوەی بۆ بدەین.

ئەو بیرکردنەوەی کە ئێمە هەڵسو کەوتی لەگەڵدا دەکەین نەك تەنیا ڕەقو نەگۆڕە بەڵکو پسپۆڕی بواری ڕەتکردنەوەی هاوکاریو بەیەکەوە گونجانە، بە ڕەخنەگرتن لە سەر دانوساندنی نێوان لیستی هاوپەیمانێتی کوردستانو لیستی یەکگرتوویی شیعی دروستکردنی حکومەتی ئێستاوە ئێستاش لە نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی، سیاسەتی کوردییەوە ڕوونو ئاشکرا کە بە ڕاستو ڕەوانی ناوی دەرکردووە، کێشەی سەرەکی نێوان کوردو عەرەبی کە بە کردەوە کە دەڵێت "ئێمە داواکارییەکانمان پێشکەش بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کردووە" لایەنی عەرەبی" وتراوە کە وا باشترە هەڵبگیرێت بۆ دوای ڕووخانی سەددام، ئەوساش خرایە بەردەم ئەنجوومەنی حوکم، ئەنجوومەنی حوکمیش وتی باشتر وایە بخرێتە دوای دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆ، حکومەتەکەی عەلاویش وتی وا پێویست دەکات بخرێتە دوای هەڵبژاردن، ئێستاش دوای هەڵبژاردن لایەنی کوردی چارەی ئەو کێشانەی دەوێت، لانی کەم پابەندبوون بە "نووسراو"ەوە بۆ چارەسەرکردنیان.

بەڵام کێشەکە لەوە قوڵترە، ئەگەر ئێمە بێتو باسی "نووسراو" بکەین هەرگیز ناتوانین باوەڕیان پێبکەین، لە دەستووری عێراقی ساڵی ١٩٥٨ کە دوای ڕووخانی حکومەتی مەلیك ڕاگەیەنرا تێیدا هاتبوو کە کوردو عەرەب هاوبەشن لەو نیشتمانەدا، بە هەر شێوەیەك بێتو عێراق ڕێزی لەو دەستوورە نەگرت کە ناسرابوو بە "هاوبەشێتی" وە هەرگیزیش دروست نەبوو، هەر ئەوەش بوو کە کورد شۆڕشی دژی بەغداد کرد ساڵی ١٩٦١، شکاندنی پەیمان لە لایەن عەرەبی عێراقی شتێکی نوێ نییە ئەوە هەر لە سەرەتای دروستبوونو سەربەخۆبوونی عێراقەوە ڕەگی هەیەو نەك بە وەی کە نەیانتوانیوە ڕێز لە پەیمانی خۆیان بنێن بەرامبەر خەڵکی کوردستان بە تایبەتی کە کوردستان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بە زۆر لکێنرا بە عێراقەوە بەڵکو هەڵساوە بە جینۆسایدکردنی گەلی کورد.

هەر ئەوەی لێپێشبینی دەکرا، کورد ئێستاش هەر وا چاوەڕانن.. پێنج مانگ دوای هەڵبژاردنو دوو ساڵ دوای ئازادکردن، نزیکەی سەد ساڵیشە لە عێراقی عەرەبی چاوەڕوانەکە شتێکی باشی لەگەڵ بکات وەك نەتەوە بیناسێتو بە هەموو مافەکانی نەتەوەیەکەوە، ئەوە ڕوونە کە دەبێت زیاتریش بووەستین لەوەی ئێستا ئەگەر بێتو عێراقی عەرەبی بۆیان بگوڕێ.

ئێمە بەشێکین لە حکومەت، کەچی ئێستا ئێمە داوا لە هەمان حکومەت دەکەین بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ی یاسای حکومەتی ئینتیقالی، ئەی ئەگەر ئێمە بەشدار نەبووینایەو لە دەرەوەی ئەو حکومەتە بووینایە؟ ئەگەر وایە ئێمە بەشێکی کارای ئەو حکومەتەینو دەوری سەرەکی دەبینین ئەوا پێویستە بڕیارەکە لە دەست ئێمەدا بێت نەك لە دەست شەریکەکەمان لە حکومەتدا بۆ چەسپاندنو چەسپاندنی ئەو ماددەیە، لە جیاتی داواکردن لە حکومەت بۆ چەسپاندنی یاسایی حکومی بەڕێوەبردنی کاتی پێویستە خۆمان بیچەسپێنین، مێژووش ئەوەمان پێدەڵێت وەك سیاسەتو فۆلکلۆرو پەندیش کردوویانە: ئەو ئازادیە هەرگیز نادرێت، ئەوە دەسەندرێتەوە.. بەبێ جیاکردنەوەی هەوڵو کۆششی ئێمە لە عێراق.

لێرەدا شتێکی هەڵە هەیە لە چۆنێتی بیرکردنەوەی ئێمەی کورد چونکە دەبێت ئێمە بە خۆمان بڵێین ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێمە کە چۆنێتی ئازادی هەڵبژێرینو بە دەستی بێنین وە داهاتوومان چۆن دەبێت، خۆمان دەستەڵاتمان داونەتێ بۆ ئەوەی چارەنووسمان دیاری بکەین، کێ دەڵێت شتەکە پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە کە ئێمە بەشێکین لە عێراق یان نا؟ ئایا ئێمە بۆ عێراق بەهێز دەکەین؟ لە جیاتی خەڵکی خۆمان بەهێز بکەین؟ لەو تەمەنی ئازادییەدا عێراق دەتوانێت شەش تا حەوت ملیۆن کەس بپارێزێت بەهێزەوە هەتا وەك ئەو ملیۆنانە بپارێزین ئاواش ئێمە دەبێت ئەوە لە سەری خۆمان بگرین بەشێوەیەکی یەکجاری کە عێراقی عەرەبی ئەوەندە هێزی لە سەر ئێمە نییە تا ئێمە هێزی پێ ببەخشین وەك ئەلبێرت کامۆ دەڵێت "بەندە ئەو کاتە ئازادە کە دەڵێ"نا" ئێستاش کاتێکی بۆ عێراقو پاشماوەکانی سەددام کە بڵێین نا بە بێ شەرمو ترسان لە سەرزەنشتی "براکانمان" بەڵکو زۆر بە دڵنیاییەوەو بە دەنگێکی بەرز با هەموو داگیرکەرانی تری کوردستان موعجیزەی گۆڕینی بیرو ڕای داگیرکراو ببیستن ئێستاش کاتی ئەوەیە هێز بدەینە بەر خۆمان بۆ بڕیاردان لە دواڕۆژی خۆمان نەك عێراق، کە هۆی هەموو ئازارو چەوساندنەوەی گەلەکەمان بووە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا.

بە چوونە بەغدا دوای ئازادیو هاوکاریکردن بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق لە سەر خۆڵەمێشەکەی تەنازوولی کۆتاییمان عێراقی عەرەبی کە هەرگیز پێویست نەبوو بیکەین، قوربانیماندا بە کوردستان بۆ عێراق ئەو وڵاتەی جینۆسایدی دژی نەتەوەکەمان کردووە، ئێمە یارمەتیمان پێشکەش کرد بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی دڕەندەو هێزی ژیانەوەمان پێدا بۆ دووبارە مراندنمان، ئێستاش ئێمە ئەو بە ڕوبوومە تاڵە دەچنینەوە کە دەستکردی خۆمانەو دڕندەش لە هەموو مەرجەکانی پێشوو پاشگەز دەبێتەوە، ئێمە دڕندەمان لە جێگەی گەورەمان دانا، ئێستاش گەورەمان دواوەمان دەداتێ وەك ئەوەی کە هەر گەورەیەك دەیکات، پێویست ناکات چی تر سازشو دابەزین لە سەر مافە ڕەوا نیشتمانییەکانی ئێمە بکرێت ئەوەش ناگەڕێتەوە بۆ عێراقی عەرەبی یا هەر میللەتێکی تری بێگانە لە هەرێم بڕیاربدات ئایا کورد سەربەخۆیی هەبێت یان نا، بەڵکو ئەوە پێویستە کورد خۆی بڕیار بدات، لە ٩٨٪ی خەڵك لەو ڕیفراندۆمەی جانیوەری ڕابردوودا کرا داوای سەربەخۆیی تەواوی کوردستانیان دەکرد لە عێراق، ئێستاش هەر کاتی ئەوەیە کە بە دەنگی خەڵکەوە شتێك بە شتێك بکرێت.

